بە گوژمەی 329 ملیۆن دینار شەقامەکی 20م درووست دەکرێت لە شاری هەولێر

هەولێر.. بە گوژمەی 329 ملیۆن دینار شەقامەکی 20م درووست دەکرێت

شارەوانیی هەولێر بە گوژمەی 329,000,000 دینار لەسەر بودجەی سەربار، پرۆژەی درووستکردنی شەقامەکی 20 مەتری تەریب بە کەندی کەرنیش لە گەڕەکی 5ی حەسارەک جێبەجێ دەکات.

پرۆژەکە پێکهاتووە لە کاری ڕەکخستن و قیرتاوکردن بە قیری جۆری ستابلایزر بە ڕووبەری 10,000 مەتر دووجا.

جگە لەم پرۆژەیەش چەندین پرۆژەی تری خزمەتگوزاری لە سنووری شارەوانیی هەولێر خراونەتە بواری جێبەجێکردن و دەرخستەی چەندین پرۆژەی دیکەش ئامادەیە بە جێبەجێکردن لە شاری هەولێر.